

# یەکگرتوو خۆی بەرهەمی داماوی و گەندەڵی دەسەڵاتە!!!

ئیبراهیم حوسێن

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کەدرێژ کراوەی جوڵانەوەی دژی ئازادی و دژی مەدەنیەتی ئیسلامی سیاسی لەجۆری ئیخوان موسلیمەکانی میسرەلەکوردستان، لەناو سیناریۆی هەلبژارنەکانی چەند رۆژی داهاتووی عێراق بەشیعاری خەبات لەدژی گەندەڵی بە تەمایە شانسی خۆی تاقی بکاتەوە و بەوجۆرە بەنیازە لەرێگای بەرزکردنەوەی فریوکارانەی ئەو شیعارە، نارەزایەتیەکانی دژی گەندەڵی دسەڵات وتاڵان و برۆی ئەوان بە داهاتەکانی کۆمەڵگا، بە قازانجی ئامانج و نیازو پرۆژە کۆنەپەرەستە ئیسلامیەکەی خۆی بقۆزێتەوەو بەکاری بێنێ.

بەڵام یەکگرتوو کە هیچ نیە جگەلەدرێژکروەومۆدێلی کوردستانی ئیخوان موسلیمین، خۆی لەلایەک بەرهەمێکی پوچ و زۆڵی گەندەڵی دەسەڵاتی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیە ولەلایەکی تر خۆی نمونەی پڕاوپڕی هێزێکی گەندەڵە. ماوەی ساڵە15 یەکگرتووی ئیسلامی لە سایەی دەسەڵاتی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دا، خەریکی دەستەمۆکردن وشۆرینی مێشکی مناڵانی ئەو خێزانە بێ دەرەتانانەیە کە لەسایەی دەسەڵاتی کوردایەتی دا وێڵ وبێچارە بەرەڵاکرابوون و دواتر لەلایەن دەڵاڵانی سیاسی یەکگرتوو ڕاودەکران و لەجیاتی لەزەت بردن لەژیانی پڕلەبرائەتی مناڵی ولە جیاتی مەلەو یاری و شادی ، لەوحوجرەوتەکیەومزگەوتانە دەخزێنران کەتەنیا بەناو و لەڕووکاری دەرەوەیاندا جێگەی ئیدای کاری دینی خەڵک بوون و لە واقیع دا شوێن ومۆڵگەی گردبوونەوەی سیاسی دەڵاڵان ومەلاکانی سەربەیەکگرتووی ئیسلامی وسەرجەم هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بوون.ئەو ژن ومنداڵ و لاو وئینسانە داماوانەی کە لەسایەی دەسەڵاتی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وێڵ وبێ چارە ڕەها دەکران ولە ژیانیان داتەنها شانسی ئەوەیان پێ ڕەوا دەبینرا کەپەنا بۆکاری سەرجادەو گوڵە بەڕۆژە فرۆشی وعلاگە فرۆشی و کۆڵکێشی وقاچاغچێتی سەرسنوورەکان بەرن ودواتریش بەتاوانی دزێوکردنی سیمای شارەکان، دەکەوتنەبەرشەقی پۆلیس وچەک بەدەستەکانی ئەوان ،دواتر بە جۆرێکی تر دەبوونەوە بە بە قوربانیانی سیاسەتی خێرو سەدەقەی یەکگرتووی ئیسلامی و ناچار بەوە دەبوون کەحەزوئارەزوەئینسانیەکانی خۆیان لە هەراج خانەی ئیسلامی یەکگرتوو زیندەبەچاڵ بکەن وبەپێچاوانەی ئیرادەی خۆیانەوە بکرێن بەبەشێک لە ڕەشە لەشکری جوڵانەوەیەکی گەندەڵی ئیسلامی کەلەوسەر هەتا ئەوسەری دنیا بەتوندوتیژی ودڵ ڕەقی لەدژی ئینسانیەت وخۆشی وخۆشگوزەرانی وئازادی خەڵک ناسراوە .جوڵانەوەیەک کە لە حسن البناو جمال الدینی ئەفغانیەوە کەڕابەرانی صحوەی ئیسلامی ناسراون ،هەتا دەگا بە خومەینی و طالیبان القاعیدە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی پەیامی تکفیری ئازادیخوازی و تمدنی کۆمەڵگاو بیروباوەروجوڵانەوەی عیلمانی و ئاوات و ئامانجە یەکسانی خوازانەکانی ژنان هەوڵی داوە دەوڵەتی فتوا ودەسەڵاتی شەریعەو شلاق و بەردەبارانی ژنان، بەسەر ژیان وچارەنووسی کۆمەڵگاجەماوەری خەڵک دابسەپێنێ.

ئەو هاوکێشە نەگریس وتاڵەی کەماوەی ساڵ15 کاریگەریەکی وێرانکارو زیانباری لەسەر هەل ومەرجی سیاسی کوردستان بەجهێشت ئەوەبوو کەحیزبەدسەڵاتدارەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەمەبەستی بەرگرتن بەهەرجۆرە ئیمکانێکی سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزمی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی جوڵانەوە کۆمەڵایەتیە نارەزایەتیەکان لەو نێوەش دا بە تایبەتی بۆ بەرگرتن بە بەهێزبوونی پێگەی کۆمۆنیزم ورەتی چەپی کۆمەڵگا، خەریکی ئەوەبوون کە ئیسلامی سیاسی بکەن بەیەکێک لەوهێزەڕەشانەی کە هەمیشە وەکو مەترسیەک پیشانی کۆمەڵگای بدەن و بۆ ترساندنی کۆمەڵگا بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بۆ ئەوەی چارەی ئەو بزووتنەوە جەماوەریانە نەبیننەوە کە لە کوردستان لە بزووتنەوەی شوراییی ئازارو دواتر لە یەکێتی بێکاران و جوڵانەوە نارەزیەتیەکانی تر خۆی نیشانی کۆمەلگا دا،ئامادە بوون پەڕوباڵ لە ئیسلامیەکان بروێنن وبۆ ئەو مەبەستەش چیان لە دەست هات کردیان. دەستی مەلاو مزگەوتەکان و دەڵاڵان وئۆباشی وردودرشتی جوڵانەوەو ڕێکخراوە ئیسلامیەکانیان لە تەخشان پەخشان کردنی فتوا ی تیرۆرو کوشتار لە دژی ژنان وکەسانی چەپ و ئازادیخوازان ولەدژی هەموو جوڵانەوانەی کەناوکۆکەی هێزێکی مەدەنی وپێشڕەوی پێک دەهێنا، ئاوالا کردو پارەو ئیمکاناتیان بۆ تەرخانکردن ولە دەسەڵاتی خۆیانداکورسی و وەزارەت و پۆستیان بۆ لەبەرچاوگرتن و بە کردەوە لە ژێر ناوی بەرگری کردن لە مقدسسات، لەسەنگەری ئیسلامیەکانەوە ڕاوەستان ودەمی ڕەخنە یان بەست وبە قازانجی خۆیان وئیسلامیەکان کۆمەڵگایان پاوان کردو کەوتنە سەرکوتی چەپ وکۆمۆنیستەکان وعیلمانیەتی کۆمەڵگا.

ئەوەی کە لەونێوە دا ئێستا حیزبە دەسەڵاتدارەکانی نیگەران کردوە ئەوەیە کە ئیسلامیە ڕەسەنەکانی کوردستان ئیتر خەریکن ئەوە قبوڵ ناکەن کە ناسنامەی ئیسلامی خۆیان بکەن بە فیدای ناسنامی کوردایەتی و بە هیوان لە سایەی ڕەوتی بەدەسەڵاتگەیشتن و جێکەوتنی

**دەوڵەت و دەستووری عروبی ئیسلامی کە پڕاوپڕ وەڵامدەرەوەی هیواکانی یکگرتووە، پێگەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لە کایە شەڕی دەسەڵات ودابەش کردنی سەروەت وسامانەکانی وڵات، بە قازانجی خۆیان لاسەنگ تر بکەن و سەرکە وتنەکانی ئیسلامی سیاسی لەعێراق و نوشوستەکانی جوڵانەوەی کوردایەتی و چامانەوەکانی ئەو جوڵانەوەیە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە .**

**یەکگرتوو ی ئیسلامی و دەڵاڵانی سیاسی یەکگرتوو کەتا ئێستا لە خێرو بێری گەندەڵیان خواردوە ودەخۆن وتا ئێستاش بە پارە وئیمکاناتی وڵاتانی کەنداوو دەوڵەتانی ناوچەکە، خەریکی چنینی تانو پۆی دەزگای چەواشەو وردکردن وکرینی مێشک و هۆشی مناڵان و لاوان و ژنانێکی بێ دەرەتانی کوردستانە، بە نیازە لەڕێگەی دەڵاڵی کردن بەشیعاری دژایەتی گەندەڵی بازاڕی سیاسەتە کۆنەپەرەست و ئیسلامیەکانی خۆی گەرم ڕابگرێ و لەڕاکێشانی خەلکی کوردستان بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عروبی و ئیسلامی عێراق، پێشی یەکێتی و پارتی و سەرجەم ناسیۆناڵیستەکانی کورد بدەنەوە وئاوات وئامانجی جەماوەری خەڵکی کوردستان و مافی ئەوان بۆ بڕیاردان لەسەرچارەنوسی خۆیان و بەرقەرارکردنی چوارچێوەیەکی وڵاتی مۆدێرن، لەباربەرن .**

**منارەو مزگەوتەکانی یەکگرتوو، ڕیزی دەڵاڵانی سیاسی و مفتە خۆرانی ئیخوانەکانی کوردستان ، ئەو حوجرە و مزگەوت و تەکیانەی کە پێگەی داماوکردن وشۆرینی مێشکی مناڵان بێ دەرەتانترین توێژەکانی کۆمەڵگا بوون وهەن، تەنیاوتەنیا چەند نمونەیەکن لە دەریایەکی گەندەڵی کە ئیخونیەکانی کوردستان پەل وپۆی تیا دەکوتن. خودی پارەو ئیمکانات و داهاتێک کە یەکگرتوو بۆ پەرە پێدانی سیاسەت و کردەوەگومان لێکراوەکانی بە کاری دەهێنێ ، جێگەی پرسیارێکی گەورەو مایەی سەرسوڕمانی هەموو خەڵکی کوردستانە و ڕۆژێک دەبێ یەکگرتوو سەرچاوەی ئەوپارە و ئیمکاناتە مفت و زەبەندەی کە بەهۆیەوەو لەڕێگەیەوە خەریکی چنینی پیلان لە دژی ماف وئازادیەکانی خەڵکی کوردستان بوون، بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکەنەوە.**